# چی لە کتێبی مەسیحیەکان هەیە

نوسەر: سەید محمد مەهدی الحسینی شیرازی

وەرگێڕ : عەلی کوردی



﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾

# چی هەیە لە کتێبی

# «مەسیحیەکان»

نوسەر: (آیة الله العظمی) سەید محمد مەهدی شیرازی (قدس سره)

وەرگێڕ: عەلی کوردی

# (پێشەکی)

جەنگی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی ڕێڕەوی کوفر و ئیلحاد

-دەربارەی ڕێڕەوەی کوفر لە جولەکایەتی و مەسیحایەتی دەرکەوتووە، کە لە ڕۆئاواوە هاتوون. هێناویانن بۆ داگیرکردنی هەیکەل و پایەی ئیسلام، لە بست بە بستی زەویدا قوتابخانەیەکی مەسیحیەکان کردەوە و دایانمەزراند، کە بە مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) بانگەواز دەکەن، خۆزگە تەنها لەم سنورەدا بوایە (تەنها بڵاو کردنەوەی ئاینی مەسیحیەت)، بەڵام موسڵمانان بڕوایان بە مەسیح هەیە، بەس ئەو بڕوایەیان جیاوازە لە بڕوای ئەهلی کیتاب.. بەڵکو سنورەکانی داگیرکاری بەناوی مەسیحیەت درێژ بوەوە بۆ ئەوەی (دوو پەیمانەکە) بخەنە ناوی مەیدانەوە.

دوو پەیمانەکە چیە..؟

کتێبێکی سەیرە، مێژوویەکی ئاسایی کە کەسێکی زۆر کەم توانا بینوسێت باشترە لەم کتێبە - وەک دەیبینیت- وە بەمە دەیانەوێت ڕیشە وبنەمای ئیسلام بە قورئان و یاسا بەهێزەکانی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەناو ببەن و بیسڕنەوە، وەک چۆن غەرب و ڕۆژئاوا پارچە زەویەکی بەنرخ و بەپیتی لە وڵاتانی ئیسلامی بڕیووە، هەتاکو بیەن بە بەناو یەهودیەکان، بۆیە ئەگەر موسڵمانانی فەڵەستین لە نیشتمانە ئیسلامیەکەیان بکشێننەوە ئەوا یەهودیەکان جێیان دەگرنەوە.

وە جێی سەرسوڕمانە کە ڕق و کینەیی مەسیحیەکان بۆ موسڵمانان بگاتە ئەو ئاستە، کە لەگەڵ یەهودیەکان هاوڕا بن- ئەو یەهودیانەی کە هەموو شتێکی خراپ بە عیسا (سڵاوی خودای لەسەر بێت) دەڵێن، کە قەڵەمی لێ هەڵدەگرم (جێی نوسینەوە نیە) - بۆ ئەوەی تەعن لە موسڵمانان بدەن ؟

بەڵام ئێمە سەرمان لەمە ناسوڕمێت، چونکە ئەمە عادەتی ئەهلی کیتاب بووە هەر لە پێشووتر و کۆندا، گوێ بۆ قورئانی کەریم بگرە،سورەتی النساء، ئایەتی (٥٤) (٥٥):

«ئایا نەتڕوانیتە ئەوانەی کە بەشێک لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە جادووگەر و تاغوت بت هەیە»، وە ڕۆژهەڵات کە جگە لە تێکەڵەیەکی سەیری ئایینەکان و مادده هیچی تری نەدەزانی..؟

ئەمە.. و زۆر هۆکاری تر، هانیاندام کە زنجیرە کتێبێک بنووسم بەناوی: (مابین الاسلام والادیان والمبادیء)، یەکێکیان کە لە چاپ درا بەناوی (بین السلام ودارون) ، ئەم کتێبەش (ماذا في کتب النصاری ؟) دووەم بەشی زنجیرەکەیە، پێشکەش بەو کەسانەی دەکەم بە باشی گوێڕاگرە و ئامادەشە دڵ و گوێی بداتێ.

تا موسڵمان بزانێت.. چی قبوڵ دەکا.. وە مەسیحی بزانێ چی لە کتێبی پیرۆزیدا هەیە، وە هەموو جیهان بزانێت -ئەوانەی سەیری ئەم کتێبە دەکەن- کە هەر خورافییەکی گەورە دەتوانێت دڵ و دەروونی قەومێکی دیندار داگیر بکات.

وە هیوادارم خوێنەر بە دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانە سەیری بکات، بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڕاستی و حەقدا، نەک بینینێکی دەرمارگیریانە کە تەنها گرنگی بەو ڕوانگەیە دەدات کەخۆی پەیڕەوی دەکات.

هەروەها هیوادارین موسڵمانە بانگەوازکارەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە وڵاتە داگیر نەکراوەکاندان، ئاگاداربن لەم مەترسییە گەورەیەی لەسەریانە، و بزانن کە بانگەواز بۆ مەسیحیەت هەرچەندە ڕووکەش پاک و ئەخلاقی بێت، جگە لە داگیرکاری هیچی تر نییە، وە مانەوەی لە وڵاتەکان مەترسییەکی گەورەیە، هەتا ئەوکاتەی وڵاتە ئیسلامییەکان پاک نەکرێننەوە لەم جۆرە داگیرکارییە،

له مەترسیدان، ئەمە وەک شێرپەنجەیە کە بەردەوام لاشە دەخوات و گۆشت و خوێن تێکدەدات، تاکو دەبێتە هۆی کۆتایی هێنانی ژیانی نەخۆش.. کەواتە با موسڵمانی دڵسۆز و ئاگادار، و نیشتیمانپەروەری بەپەرۆش قۆڵی هەڵبکات بۆ لابردنی ئەم داگیرکارییە شاراوەیە لە وڵاتە ئیسلامییەکان، تەنانەت ئەگەر گومانیشیان هەبێت، بۆیە بە لایەنی کەم کتێبەکانی (التبشیر والاستعار) و (ظلام من الغرب) و (الخطر الیهودي) بخوێننەوە، هەتاکو مەترسییەکە بزانیت، و پاشان هەستیت بە چارەسەری.

داگیرکاری سەربازی، هەندێک لە وڵاتە ئیسلامییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام داگیکاری فیکری لەمەدا دەرکەوتووە:

١- سیستەمەکانی (مەنهەجەکانی) حوکمڕانی ڕۆژئاوا.

وە دەربارەی ئەوانەی بێ باوەڕن، دەڵێن: ئەوانەی چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە، تا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە..؟! ئەمانە کەسانێکن خودا نەفرەتی لێکردوون، کەسێکیش خودا نەفرەتی لێ بکا، ئەوە هەرگیز هیچ کەست دەست ناکەوێت بیکەیتە پشتیوانی».

ئەگەر ئەوەی ئەهلی کتێب دەیڵێن، کە بێ باوەڕەکان چاکترن و ڕێگا و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە، تا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە، ئەوا چ شتێکی سەیرە کە مەسیحیەک بڵێت: ڕێبازی جولەکەکان لە موسڵمانەکان باشترە..؟!

ئەگەر سەرت لەمە سوڕماوە، کەواتە سەرت لەمەش سوڕماوە، کە بەچاوی خۆمان دەیبینین، ئەوەش:

١- مەسیحییەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکان ڕاهێنان و ڕێنمایی و سەقافەتیان گرتۆتە ئەستۆ، و هەموو هێڵەکانی قوتابخانە گەورەکان لە نەخشە و دیزانی سکرتێرێکی مەسیحی یاخود ڕاهێنەرێکی مەسیحی، یان ڕاوێژکارێکی مەسیحی بوو.

٢- هەندێک لە حکومەتە ئیسلامییە ناوبراوەکان، ڕێگەیان داوە بە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنی مەسیحی، لەکاتێکدا ڕاگەیاندن یان گۆڤارە ئیسلامییەکانیان قەدەغە کردووە.

٣- هەندێک لە موسڵمانەکان پەلاماری ئەوە ئەدەن کە منداڵەکانیان -کوڕ و کچەکانیان- بۆ قوتابخانەی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بنێرن، بەناوی ئەوەی ئەخلاق و تەربێت و پاکی فێر دەکات.

یا الله ؟؟ ئایا حاڵی موسڵمانان گەشتۆتە ئەم ئاستە، وە ئایا ئەم داگیرکاریە ئەم هێزەی هەیە...؟؟ وە ئایا موسڵمانان قەولی خودای گەورەیان بیرچوو: «لَّا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ» یاخود: «لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ» یاخود قەولەکەی.. یان..؟!

-وە دەربارەی ڕێڕەوی ئیلحاد، کە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە، دەیەوێت بنەمای هەموو ئاینەکان بسڕێتەوە، ئایینە مەجووسیەکان، یەهوودیەکان، مەسیحییەکان، موسڵمانەکان، بودییەکان و هیندۆسییەکان.

ئەوان تەنها ئایینە درۆینە و ساختەکانیان ناسیووە، بۆیە بە هەموو شتێک کافر و بێ باوەڕ بوون، وە ئیسلام لەنێو خەڵکی خۆیدا نامۆ و غەریبە، کەواتە لە ڕۆژئاوا چۆن دەبێت کە تەنها مەسیحییەتی و پاشان ماددەیەکانیان ناسیووە، وە ڕۆژهەڵات کە جگە لە تێکەڵەیەکی سەیر و سەمەرەی ئاینەکان و ماددەیەکان هیچی تریان نەدەزانی.

ئەمە.. و زۆر هۆکاری تر، هانیاندام کە زنجیرە کتێبێک بنووسم بەناوی: (مابين الاسلام والاديان والمبادىء)، یەکێکیان کە لە چاپ درا بەناوی (بين السلام ودارون) ، ئەم کتێبەش (ماذا في كتب النصارى ؟) دووەم بەشی زنجیرەکەیە، پێشکەش بەو کەسانەی دەکەم بە باشی گوێڕاگرە و ئامادەشە دڵ و گوێی بداتێ.

تا موسڵمان بزانێت.. چی قبوڵ دەکا.. وە مەسیحی بزانێ چی لە کتێبی پیرۆزیدا هەیە، وە هەموو جیهان بزانێت -ئەوانەی سەیری ئەم کتێبە دەکەن- کە هەر خورافییەکی گەورە دەتوانێت دڵ و دەروونی قەومێکی دیندار داگیر بکات.

وە هیوادارم خوێنەر بە دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانە سەیری بکات، بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڕاستی و حەقدا، نەک بینینێکی دەرمارگیریانە کە تەنها گرنگی بەو ڕوانگەیە دەدات کەخۆی پەیڕەوی دەکات.

هەروەها هیوادارین موسڵمانە بانگەوازکارەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە وڵاتە داگیر نەکراوەکاندان، ئاگادارین لەم مەترسییە گەورەیەی لەسەریانە، و بزانن کە بانگەواز بۆ ئیلحاد هەرچەندە ڕووکەش پاک و ئەخلاقی بێت، جگە لە داگیرکاری هیچی تر نییە، وە مانەوەی لە وڵاتەکان مەترسییەکی گەورەیە، هەتا ئەوکاتەی وڵاتە ئیسلامییەکان پاک نەکرێننەوە لەم جۆرە داگیرکارییە، لە مەترسیدان، ئەمە وەک شێرپەنجەیە کە بەردەوام لاشە دەخوات و گۆشت و خوێن تێکدەدات، تاکو دەبێتە هۆی کۆتایی هێنانی ژیانی نەخۆش.. کەواتە با موسڵمانی دڵسۆز و ئاگادار، و نیشتیمانپەروەری بەپەرۆش قۆڵی هەڵبکات بۆ لابردنی ئەم داگیر کارییە شاراوەیە لە وڵاتە ئیسلامییەکان، تەنانەت ئەگەر گومانیشیان هەبێت، بۆیە بە لایەنی کەم کتێبەکانی (التبشير والاستعار) و (ظلام من الغرب) و (الخطر اليهودي) بخوێننەوە، هەتاکو مەترسییەکە بزانیت، و پاشان هەستیت بە چارەسەری.

داگیرکاری سەربازی، هەندێک لە وڵاتە ئیسلامییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام داگیکاری فیکری لەمەدا دەرکەوتووە:

١- سیستەمەکانی (مەنهەجەکانی) حوکمڕانی ڕۆژئاوا.

٢- سیستەمەکانی ژیانی گشتی

٣- ڕاگەیاندن و بانگەوازە نهێنیەکان

ئێستاش کارەکانی لە وڵاتە ئیسلامییەکان ئەنجام ئەدات و کۆتایی پێ نەهاتووە، وە وڵاتەکان بە تەواوی پاک نەکراونەتەوە لەم بابەتە، وە هەتا ئیسلام نەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوە العامة (واتە سوننەکان)کان و الخاصة (واتە شیعەکان)کان، لە دەسەڵات و ئەوەی پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە، و هەموو مەنهەج و ڕێبازێکی داگیرکاری و هەموو دەستوور و نەریتێکی دەرەکی نەپەڕێنن، ئەوا وڵاتەکان لە مەترسی داگیرکاری سەربازی دووەم سەلامەت نین و ڕزگاریان نەبووە، وە هیچ هیوایەکیش نیە بۆ ڕووخاندنی داگیرکاری سەربازی، لەو وڵاتانەی کە لەژێر چەوسانەوە دایە. وە خودا یاریدەدەر و پشتیوانە.

**کەربەلای پیرۆز.** **محمدی کوڕی مەهدی الحسینی شیرازی**

# لەم کتێبەدا:

١- (دەربارەی خودا):

ئەوەی لە (کتێبی پیرۆز)دا دەیگەڕێننەوە بۆ خودای گەورە، وە چۆن کەوتۆتە ناو خورافیات و کوفرەوە، بەرامبەر بە ئەفرێنەری ئاسمانەکان و زەوی، کە نەگونجاو و نا شایستەیە بۆ گەورەیی و مەزنی خودای گەورە، وە هەندێک لە سیفاتەکانی خودا ڕوون دەکەینەوە، لە مەزهەبی ئەقڵ و عیلم.

٢- (دەربارەی پێغەمبەران):

ئەو پێشێلکاریەی (دوو پەیمانەکە)[1] بەرامبەر پێغەمبەرانی خودای گەورە، کە نەگونجاوە بۆ مرۆڤی ئاسایش، چ جا چۆن بە سەفیرەکانی خودای گەورە، و گەورەترینی مرۆڤەکان، ئەوانەی کە نەنێردرابوون تەنها بۆ ڕێنمای کردنو، و پاکی و بێگەردیی و چاکسایی چاک و دروست..؟

[1] واتە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، کە پەیمانی کۆن تەوراتە، پەیمانی نوێش ئینجیلە.

# ١ـ دەربارەی خودا

# ١- دەربارەی خودا

١- ئایا خودا لە شێوە و شکڵی مرۆڤە.؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی یەکەم، ئایەتی (٢٦) دەڵێت:

(خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، و لەخۆمان بچێت.. خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان).

٢- ئایا خودا قژی هەیە.؟ وە ئایا خودا جل و بەرگ لەبەر دەکا.؟

نەخێر!

بەڵام لە دانیاڵ، بەشی حەوتەم، ئایەتی (٩) دەڵێت:

(تەختەکان (عەرشەکان) دانران، خودا جاویدانی دانیشت، جلەکانی وەک بەفر سپی بوون، و مووی سەریشی وەک خووری بێگەرد وابوو).

٣- ئایا خودا دوو قاچی هەیە..؟

نەخێر!

بەڵام لە دەرچوون، بەشی (٢٤)، ئایەتی ١٠ دەڵێت: (خودای ئیسرائیلیان بینی، لەژێر پێیەکانی شتێکی وەک بەرد ڕێژکراویان بینی، بە بەردی یاقوتی شین.. خودایان بینی، ئینجا خواردیان و خواردیانەوە).

٤- ئایا دەبێ خودا فریشتەیەک بێ، وە فریشتەیەک خودا بێ.؟

نەخێر!

بەڵام لە دوو پەیمانەکە، ئەم سەرلێشێواویە و هەڵەیەی تێدایە.

لە پەیدابوون، بەشی شانزدە، لە ئایەتی یەکەمەوە، دەڵێت:

«سارای ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی هاجەر بوو.. ئینجا فریشتەی یەزدان لە چۆڵەوانی هاجەری لەسەر کانیەکە دۆزیەوە، ئەو کانیەی کە لەسەر ڕێگای شوورە.. وە فریشتەکەی یەزدان پێی فەرموو وەچەکانت بێ ئەندازە زۆر دەکەم، کە لەبەر زۆریان لە ژماردن نەیەن، دیسان فریشتەکەی یەزدان پێی فەرموو: ئێستا سکت پڕە، کوڕێکت دەبێ، باوی دەنێیت ئیسماعیل.. ئینجا ئەم ناوەی لە یەزدان نا کە لەگەڵیدا دوا، تۆ ئەو خوایەی کە دەبینێت»

جارێک لە (دوو پەیمانەکە) باس کراوە ئەوەی قسەی لەگەڵدا دەکرد فریشتەیەک بوو، وە جارێکی تر ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد خودا بوو، لە یەک چیرۆکیشدا.

٥- ئایا خودا دیمەن و مەنزەرەیەکە ببینرێ.؟؟

نەخێر!

بەڵام لە ئاشكراكردن، بەشی چوارەم، ئایەتی (٢) دەڵێت:

«تەختێكم بینی لە ئاسمان درانبوو، لەسەر تەختەكەش یەكێك دانیشتبوو، ڕووخساری دانیشتووەكە لە بەردی یەشب و یاقووتی سوور دەچوو».

٦- ئایا خودا دەڕوات و پیاسە بكات.؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی سێیەم، ئایەتی (٨) دەڵێت:

« ئینجا پیاو و ژنەكە (واتە ئادەم و حەوا) گوێیان لە دەنگی پەروەردگار بوو كە لەكاتی هەڵكردنی شنەبای ڕۆژدا لە بەهەشتدا هاتووچۆی دەكرد، ئەوانیش لەنێو درەختەكانی باخچەكە خۆیان لە پەروەردگاریان دەشاردەوە»

٧- ئایا خودا دادەبەزێتە سەر شوێنێك.؟

نەخێر!

بەڵام لە دەرچوون، بەشی نۆزدە، ئایەتی (٢٠) دەڵێت:

«یەزدان هاتە خوارەوە بۆسەر شاخی سینا. و موسای بانگكرد، موساش سەركەوت».

٨ - ئایا خودا لە هەورەوە دادەبەزێ، و لە بەردەم یەكێكدا.؟

نەخێر.!

بەڵام لە دەرچوون، بەشی سیو چوار، ئایەتی پێنجەم، دەڵێت:

«یەزدان لە هەورەوە دابەزی و لەوێ لەلای ڕاوەستا، ناوی خۆی ڕاگەیاند کە یەزدانە، ئینجا یەزدان لە بەردەمی تێپەڕی..»

٩ - ئایا خودا شوێنێک هەڵدەبژێرێ، و بیکاتە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆی.؟؟

نەخێر۔

بەڵام لە زەبوورەکان، زەبووری (١٣٢) ئایەتی (١٣) دەڵێت:

« لەبەر ئەوەی یەزدان سییۆنی هەڵبژارد، حەزی کرد بیکاتە نشینگەی خۆی»

١٠- ئایا خودا نەزانە، جیاوازی ناکات لەنێوان دەرگای باوەڕداران و دەرگای کافرەکان تەنها بە دیاریکردن نەبێ ؟

نەخێر!

بەڵام لە دەرچوون، بەشی ١٢، ئایەتی (١٢) دەڵێت:

« من ئەمشەو بە خاکی میسردا تێدەپەڕم و هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسر دەکوژم، لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خوداوەندەکانی میسردا دەدەم، من یەزدانم. خوێنەکەش بۆتان دەبێتە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتاندا تێدەپەڕم. ئیتر کارەساتی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک لە خاکی میسر دەدەم.»

١١- ئایا خودا شوێنی مرۆڤە نازانێ کە خۆی شاردۆتەوە لای دارەکە.؟ یاخود نازانێ مرۆڤ کێ فێری شتێکی کردووە.؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی سێهەم، ئایەتی (٩) دەڵێت

«بەڵام پەروەردگار پیاوەکەی بانگ کرد و فەرموویی: لە کوێیت.؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: لە بەهەشتەکە گوێم لە دەنگت بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووت بووم ترسام، ئیتر خۆم شاردەوە، ئەویش گوتی: کێ بەتۆی گوت کە ڕووتی.؟»

-١٢ ئایا نەزانی و جاهیلێتی خودا لە جاهیلی و نەزانی مرۆڤ باشتر و داناترە.؟

نەخێر! خودا نەزان و جاهیل نیە، کەواتە چۆن جاهیلی و نەزانی خودا لە نەزانی و جاهیلێتی مرۆڤ باشتر و داناترە!

بەڵام لە یەکەم کۆرنسۆس، بەشی یەکەم، ئایەتی (٢٥) دەڵێت:

« چونکە نەزانی و جاهیلێتی خودا لە دانایی مرۆڤ داناترە».

١٣- ئایا خودا بەڵێنەکەی دەشکێنێت.؟

نەخێر! بەڵێنی ناشرین دەشکێنێت، بەڵام لە یەکەم ساموئێل، بەشی دووەم، ئایەتی (٣٠) دەڵێت:

«لەبەر ئەوەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئێستا دەفەرموێ: بێگوومان من فەرمووم ماڵی تۆو و ماڵی باوکت هەتا هەتایە لە بەردەمم هاتوچۆ دەکەن، بەڵام ئێستا یەزدان دەفەرموێ: لە من بە دوور بێت.. ڕۆژێک دێت هێزی بازووی خۆت و هێزی بازووی باوکت لەناو دەبەم».

خودا- لەوە گەورەترە کە ئەمانە دەیڵێن- پەیمان دەدات (بە عێلی کاهن- بە مانەوەی کاهینەکان لە نەوەکانی بۆ هەمیشە و ئەبەد، پاشان پەیمانەکەی دەکشێنێت و کاهینەتیان لێ دەبڕێ).

١٤- لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکەم ساموئێل، بەشی سیانزدە، ئایەتی (١٣) دەڵێت:

«ئەوا یەزدان بۆ هەتا هەتایە پاشاییەتیەکەی تۆی بەسەر ئیسرائیلدا دەچەسپاند، بەڵام ئێستا پاشایەتیەکەت بەردەوام نابێت، یەزدان بەدوای پیاوێکی دیکەدا گەڕا بە دڵی خۆی بێت».

-خودا- گەورەتر و مەزنترە لەمەی ئەمان دەیڵێن- بەڵێن دەدات بە بەردەوامی پاشایەتی (شاول) هەتا هەتایە، دواتر بەڵێنەکەی دەشکێنێت و پاشایەکی دیکە دادەنێت.

١٥ - ئایا خودا پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کردوویەتی.؟

نەخێر!

بەڵام لە یەکەم ساموئێل، بەشی پانزدە، ئایەتی (١٠) دەڵێت:

«ئینجا فەرمایشتی یەزددان هات بۆ ساموئێل و فەرمووی: خەفەتبار و پەشیمانم لەوەی شاولم کردە پاشا».

١٦- ئایا خودا دڵتەنگە و پەشیمانە لەسەر ئەو کردەوانەی کردویێتی.؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی شەشەم، ئایەتی (٦) دەڵێت:

«یەزدان خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردبوو، هەروەها پەشیمانیش بوو، ئیتر یەزدان فەرمووی: مرۆڤ دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر زەوی دروستم کرد»

١٧- ئایا خودا زۆرانبازی دەکا لەگەڵ یەکێک ؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی (٣٢)، ئایەتی (٢٤) دەڵێت:

«ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێک هەتا بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵ کرد».. وە پێی وت: لەمەودا ئیتر ناوت بە یاقوب ناهێنرێت، بەڵکو بە ئیسرائیل، چونکە لەگەڵ خودا تێکۆشایت».

١٨- ئایا یەکێک دەتوانێت دوو بێت، و دوو سێ بێت.؟

وە ئایا دەکرێ خودا فریشتەیەک بێت، و فریشتەیەک خودا بێ.؟

نەخێر، نە ئەمە دەبێ، نە ئەوەش

بەڵام لە (دوو پەیمانەکە) ئەم تێکەڵبوونە سەیرەی تێدایە لە پەیدابوون، لە بەشی هەژدەهەم، لە ئایەتی (١) دەڵێت:

«ئینجا ئەزدان لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، کە لە گەرمای ڕۆژدا لە بەردەم دەرگای چادرەکە دانیشتبوو، ئیبراهیم سەری هەڵبڕی و وا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون... ئینجا گوتی: گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم بەسەر خزمەتکار و عەبدەکەتدا تێمەپەڕە.. وە پەروەردگار بە ئیبراهیمی فەرموو: بۆچی سارا پێکەنی.؟... ئینجا پیاوەکان لەوێ هەستان و ڕوویان لە سەدۆم کرد...»

پاشان لە پەیدابوون، بەشی نۆزدەهەم لە ئایەتی (١) دەڵێت:

«هەردوو فریشتەکە کاتی ئێوارە گەیشتنە سەدۆم، لوتیش لە دەروازەکەی سەدۆم دانیشتبوو، کاتێک لووت ئەوانی بینی هەستا بۆ پێشوازیان».

ئەو یەکە، وە دوانە، وە سیانە.. وە فریشتەیە، وە خودایە، لە دوو پەیمانەکە چەندین جار ئەم دوو فەزلە دوبارە کراوەتەوە.

١٩- ئایا خودا درۆزنە ؟ وە مار ڕاستگۆیە.؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی سێهەم، لە ئایەتی (٣) دەڵێت:

«وە دەربارەی بەری درەختەکە، ئەوەی ناوەڕاستی بەهەشت، خودا فەرمووی: بۆتان نیە لە بەری ئەو درەختە بخۆن، کە لە ناوەڕاستی بەهەشتەکەیە، هەروەها بۆتان نیە دەستی لێبدەن، هەگینا دەمرن، مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: نا بەڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێ ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێ و چاکە و خراپە دەزانن.

پاشان.. باسی دەکا: ئادەم و حەوا بەردەوام بوون لە ژیان دوای خواردنی بەرەکە.. هەتاکو ئەو قسانەی کە لەگەڵ گەورەیی و شکۆمەندی خودا ناگونجێ.[2]

٢٠- ئایا خودا دادەبەزێتە ئاسمان، بۆ ئەوەی دووبەرکی بخاتە نێوان خەڵک، وە تووشی شڵەژان و بشێویان بکات، چونکە ئاگاداری دەدات لە یەکدەنگیان..؟

نەخێر!

بەڵام لە پەیدابوون، بەشی یاندەهەم، ئایەتی (١) دەڵێت:

«هەموو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان هەبوو، ئینجا کاتێک بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار دۆزیەوە، و لەوێ نیشتەجێ بوون، ئینجا بە یەکتریان دەگوت: وەرن، با خشت دروست بکەین و تەواو سووری بکەینەوە.. با شارێک بۆ خۆمان دروست بکەین لەگەل قولەیەک... بەڵام یەزدان بۆ بینینی ئەو شار و قولەی ئادەمیزاد دروستی کرد هاتەوە خوارەوە، یەزدان فەرمووی: ئەگەر هەموویان یەک گەل و یەک زمان بن، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنیانە، هیچ شتێکیش لەلایان مەحاڵ نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن، وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، بۆ ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات، ئینجا یەزدان لەوێوە بەسەر هەموو زەویدا پەرتی کرد، ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا، لەبەر ئەمە ناونرا بابل، چونکە لەوێدا یەزدان زمانی هەموو زەوی شێواند».

[2] واتە لەم ئایەتە خودا درۆی کردووە و مارەکە ڕاستی گوتووە. (وەرگێڕ).

٢١- ئایا خودا شتێک دەڵێت ؟ پاشان پێچەوانەی ئەوە بکات.؟

نەخێر!

بەڵام لە دوو پەیمانەکە ئەمە بۆ خودا دەگەڕێندرێتەوە

لە پەیدابوون، بەشی شەشەم، ئایەتی (٣) دەڵێت:

«ئینجا یەزدان فەرمووی: ڕۆحی من هەتاسەر ململانێ لەگەڵ مرۆڤ ناکات، چونکە مەرگدارن، ڕۆژی ژیانیان دەبێتە سەد و بیست ساڵ».

ئەمە لە سەرەتایی دروستکردنیدا بوو، وە ئایا خودا بەردەوام بوو لەسەر ئەم قسەیەی.؟ دوو پەیمانەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەمە کەلام و گوتەی خودایە، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕاو و بۆچوونی خۆی گۆڕیووە دەربارەی ئەم قسەیە، و زۆریک لەم تەمەنە زیاتر ژیاون، ئێمەش بە یەک دانە تەواوی دەکەین.

لە پەیدابوون، بەشی نۆهەم، ئایەتی (٢٨) دەڵێت:

«دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ ژیا، هەموو تەمەنی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر مرد».

# ٢ ـ دەربارەی پێغەمبەران

# عیسای مەسیح سڵاوی خودای لەسەر بێت:

## ئایا عیسی (سڵاوی خودای لەسەر بێت) درۆ دەکات.؟

ئایا مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) درۆ دەکات.؟ نەخێر تەنها لە دوو پەیمانەکە نەبێ ئەمە گەڕێندراوەتەوە بۆی، گوێ لە (ئینجیل یۆحەنا) بگرە بەشی حەوتەم، ئایەتی دەیەم:

«کاتێک جەژنی کەپرەشینەی جولەکەش نزیک بووەوە، براکانی پێیان گوت: ئێرر بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ناوچەی یەهودیا، تاکو قوتابیەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت، هیچ کەسێک بە نهێنی شتێک ناکا ئەگەر بیەوێ ئاشکرا بێت، ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت خۆت نیشانی جیهان بدە، براکانی وایان پێ گوت، چونکە تەنانەت ئەوانیش باوەڕیان پێی نەدەکرد، عیساش پێی فەرموون: جارێ کاتم نەهاتووە، بەڵام هەمیشە کاتی ئێوە گونجاوە، جیهان ناتوانێت ڕقی لێتان ببێتەوە بەڵام ڕقی لە من دەبێتەوە، چونکە شایەتی لەسەر دەدەم کە کردەوەی خراپە، ئێوە بڕۆنە جەژنەکە، من نایەمە ئەم جەژنە، چونکە هێشتا کاتم تەواو نەبووە، ئەمانەی فەرموو لە جەلیل مایەوە، بەڵام کە براکانی بۆ جەژنەکە چوون، ئەویش ڕۆیشت، بەڵام بە ئاشکرا نا بەڵکو بە نهێنی».

## ئایا عیسا (سڵاوی خودای لەسەر بێت) شەراب دروست دەکات.؟

ئایا مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) شەراب دروست دەکات ؟ وە هاوەڵەکانی دەیخۆنەوە ؟؟ نەخێر! نەخێر! بەڵام لە دوو پەیمانەکە ئەمەی بۆ گەڕێندراوەتەوە، بەڵکو ئەوە دەیکاتە یەکەم دەستپێکی پێغەمبەرایەتیەکەی، وە کۆتایەکەی بانگکردنی دونیایە!

مەڵێ: دەکرێ لە مەزهەبی مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) شەراب حەڵاڵ بوبێ، پەنا بە خودا لەمە ! وە لە دوو پەیمانەکە حەرامێتیەکەی هاتووە.

بۆ نەقڵ کردنی دەقی دووەم یەکەمجار.. وە دەربارەی ئەوەی دوو پەیمانەکە دەیگەڕێننەوە بۆ مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) دووهەم:

«١» (هۆشەع) (بەشی چوارەم) (ئایەتی دەیەم و یانزدەهەم):

« دەخۆن و تێر نابن، لەشفرۆشی دەکەن و زیاد نابن، چونکە وازیان لە یەزدان هێنا، بۆ ئەوەی خۆیان تەرخان بکەن بۆ لەشفرۆشی و بۆ شەرابی کۆن و شەرابی نوێ، کە هزر و هۆشی گەلەکەی منی بردووە»

( ئیشایا ) (بەشی پێنجەم) (ئایەتی یانزدە و دوانزدە):

«قوربەسەر ئەوانەی بەیانیان زوو هەڵدەستن بەدوای شەراب دەکەون، لە زەردەپەڕی ئێواران دوا دەکەون مەی گڕی تێبەرداون، قیسارە و دەف و شمشاڵ و شەراب بووە بە خەو و خۆراکیان، بەڵام ئاوڕ لەکاری یەزدان نادەنەوە، دەستکردەکانی نابینن، لەبەر ئەوەی گەلەکەم لەبەر نەزانی ڕاپێچ دەکرێن».

(دواوتار) (بەشی بیست و یەک) (ئایەتی هەژدە بۆ بیست و یەک):

«ئەگەر پیاوێک کوڕێکی کەلە ڕەق و یاخی هەبوو، گوێڕایەڵی قسەی دایک و باوکی نەبێت و گوێیان لێ نەگرێت کاتێک تەمبێی دەکەن، دایک و باوکی دەیگرن و دەیهێننە لای پیرانی شارۆچکەکەی، بۆ لای دەروازەی شارۆچکەکەی و بە پیرانی شارەکەی دەڵێن: ئەم کوڕەمان کەلە ڕەق و یاخیە، گوێڕایەڵمان نییە و دەست بڵاو و سەرخۆشە، ئینجا هەموو پیاوانی شارۆچکەکە بەرد بارانی دەکەن هەتا دەمرێت».

ئایا گوێت لەم دەقانە بووە ؟ گوێبگرە:

«٢» (ئینجیل لۆقا) (بەشی حەوتەم) (ئایەتی سی و سێ و سی و چوار):

« یەحیای لە ئاو هەڵکێش هات، نە نان دەخوات و نە شەراب دەخواتەوە، دەڵێن: ڕۆحی پیسی تێدایە، کوڕی مرۆڤ هات دەخوات و دەخواتەوە، دەڵێن ئەمە کابرایەکی نەوسن و مەیخۆرە، هاوڕێی باجگران و گوناهبرانە».

(ئینجیل یۆحەنا) (بەشی دووهەم) ئایەتی یەکەم:

« لە ڕۆژی سێیەم لە قانایی جەلیل شاییەک هەبوو، دایکی عیساش لەوێ بوو، عیسا و قوتابییەکانیشی بۆ شاییەکە بانگهێشتکرابوون، کاتێک شەراب نەما، دایکی بە عیسای گوت: شەرابیان نیە! عیساش پێی فەرموو: ژنەکە، چیت لە من دەوێ؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە! ئینجا دایکی بە خزمەتکارەکانی گوت: هەرچییەکتان پێ دەڵێ، بیکەن. شەش کوپەی بەردین، لەو جۆرەی جولەکەکان. بۆ پاککردنەوە بەکاریان دەهێنا، لەوێ دانرابوون، هەریەکەیان هەشتا هەتا سەد و بیست لیرتیان دەگرت. جا عیسا پێی فەرموون: کوپەکان پڕ بکەن لە ئاو. ئەوانیش کوپەکانیان هەتا سەر پڕکرد، ئینجا پێی فەرموون: ئێستا لێی دەربهێنن و بۆ گەورەی شاییەکەی ببەن! ئەوانیش بردیان. کاتێک گەورەی شاییەکە تامی ئەو ئاوەی کرد کە ببوە شەراب، سەرچاوەکەی نەدەزانی، بەڵام خزمەتکارەکان دەیانزانی، ئەوانەی ئاوەکەیان دەرهێنابوو، ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای بانگکرد و پێی گوت: هەموو کەس یەکەمجار شەرابە چاکەکە دادەنێن، کاتێک مەست بوون، ئینجا خراپەکە. بەڵام تۆ هەتا ئێستا شەرابە چاکەکانت هێشتووەتەوە! ئەو موعجیزەی عیسا لە قانای جەلیل کردی، یەکەم نیشانە بوو کە بەهۆیەوە شکۆی خۆی دەرخست، قوتابییەکانیشی باوەڕیان پێی هێنا».

(ئینجیل لۆقا) (بەشی بیست و دوو)  ئایەتی چواردە بۆ هەژدە:

« کە کاتی نانخواردن هات، عیسا لەسەر خوان دانیشت، نێدراوانیشی لەگەڵ بوون[3]، پێی فەرموون: زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چەشتنم ئەم نانەی پەسحەتان لەگەڵ بخۆم، چونکە پێتان دەڵێم ئیتر نانی پەسحە ناخۆم هەتا لە شانشینی خودا بە تەواوی دێتە دی، جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، فەرمووی: ئەمە بگرن و لەنێوان خۆتان بەشی بکەن. پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە هەتا شانشینی خودا دێت!»

# ئایا مەسیح کوڕێکی لە باوەشی خۆی داناوە.؟

ئایا مەسیح (سلاوی خودای لەسەر بێت) کوڕێکی لە باوەشی خۆی داناوە، ئایا کوڕەکەی لەسەر سینگی خۆی پاڵکەوانووە، ئایا مەسیح ئەو کوڕەی خۆش ئەویست.؟ مانایی ئەم کارە چییە ؟ ئایا ئەمە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی کارێکی گونجاوە ؟ جا وەرە بۆ پێغەمبەرێک ؟ بەڵام دوو پەیمانەکە ئەمەی بۆ دەگەڕێننەوە:

(ئینجیل لۆقا) (بەشی نۆیەم) (ئایەتی چل و حەوت و چل و هەشت):

«منداڵێکی هێنا و لەلای خۆی ڕایگەت، پێی فەرموون: ئەوەی بەناوی منەوە پێشوازی لەم منداڵە بکات، پێشوازی لە من دەکات، ئەوەش پێشوازی لە من بکات، ئەوا پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی، چونکە بچووکترینی هەمووتان پایەبەرزترە».

(ئینجیل یۆحەنا) (بەشی سیانزدە) ئایەتی بیست و سێ بۆ بیست و پێنج:

[3]لە نوسخە عەرەبییەکە نوسراوە دوانزە، بەڵام لە کوردیەکە ژمارەیان نەنوسراوە.(وەرگێڕ).

«یەکێک لە قوتابییەکان کە عیسا خۆشی دەویست لە باوەشیدا پاڵی دابووەوە، شیمۆن پەترۆس ئاماژەی بۆ کارد تاکو پرسیار لە عیسا بکات کە مەبەستی لە کێیە. ئەویش شانی دا بەسەر سنگی عیسادا و پێی گوت: گەورەم، کێیە ؟».

## ئایا دەکرێ مەسیح مەلعون (نەفرەت لێکراو) بێت.؟

ئایا دەکرێ مەسیح مەلعون (نەفرەت لێکراو) بێت ؟ نەخێر ! بەڵام دوو پەیمانەکە دەڵێت: عیسا (سڵاوی خودای لەسەر بێت) مەلعونە !!

(گەلاتیا) (بەشی سێهەم) (ئایەتی سیانزدە):

«مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوە لە پێناوماندا بووە نەفرەت، چونکە نوسراوە: هەر کەسێک لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت لێکراوە».

## ئایا دەکرێ مەسیح خودای باپیری بێ.؟

ئایا دەکرێ نەوەی کەسێک بێ کە خۆی خودای بێ ؟ نەخێر ! مەعقول نیە، بەڵام دوو پەیمانەکە دەڵێت: مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) لە نەوەی پێغەمبەر داودە، وە لەگەڵ ئەوەشدا مەسیح خودای داودە!

(ئینجیل مەتا) (بەشی یەکەم) (ئایەتی یەکەم):

«ئەمە ڕەچەڵەکی عیسای مەسیحە، کوڕی داود، کوڕی ئیبراهیم».

(ئینجیلی مەتا) (بەشی بیست و دوو) (ئایەتی چل و یەک بۆ چل و شەش):

«کاتێک فەریسییەکان پێکەوە کۆ ببونەوە عیسا لێی پرسین: دەربارەی مەسیح چی دەڵێن؟ کوڕی کێیە؟ وەڵامیان دایەوە: کوڕی داودە. ئەویش پێی فەرموون: کەواتە، چۆن داود بە سروشتی ڕۆحی پیرۆز پێی دەڵێ: خاوەن شکۆ (رب) چونکە دەڵێ: یەزدان بە خاوەن شکۆ (رب)ی فەرموو: لە دەستە ڕاستم دا بنیشە هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پیت. بۆیە ئەگەر داود پێی بڵێ: خاوەن شکۆ (رب) ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟ جا کەسیان نەیانتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بدەنەوە، لە ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن».

(ئینجیل لۆقا) (بەشی بیستەم) (ئایەتی چل و یەک بۆ ئایەتی چل و سێ):

«عیسا پێت فەرموون: باشە چۆن دەڵێن کە مەسیح کوڕی داودە؟ داود خۆی لە پەرتووکی زەبوردا دەڵێت: یەزدان بە خاوەن شکۆ (رب)ی فەرموو: لە دەستە ڕاستم دا بنیشە، هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەچێ بۆ پێیەکانت. ئەوەتا داود پێی دەڵێ خاوەن شکۆ (رب) ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟».

# ئایا مەسیح وەچەی زینایە.؟

ئایا پێغەمبەرێک لە زینا لە دایک دەبێ ؟ نەخێر! ئەمە ناکرێ. بەڵام لە دوو پەیمانەکە ڕەچەڵەکی مەسیح (سڵاوی خودای لەسەر بێت) بە (فارص)[4] کۆتایی دێت، کە ئەو منداڵ و وەچەی زینایە:

(ئینجیل مەتا) (بەشی یەکەم) (ئایەتی یەکەم بۆ دووەم):

«ئەمە ڕەچەڵەکی عیسای مەسیحە، کوڕی داود کوڕی ئیبراهیم: ئیبراهیم باوکی ئیسحاق بوو، ئیسحاق باوکی یاقوب بوو، یاقوب باوکی یەهودا بوو و براکانی بوو، یەهودا باوکی پێرێز و زەرەح بوو کە تامار دایکیان بوو، پێرێز باوکی حەسرۆن بوو... یاقوب باوکی یوسفی مێردی مریەم بوو، ئەوەی عیسای لێبوو، کە بە مەسیح ناودەبرێت.»

گوێت لێبوو کە پێرێز (فارص) باپیری مەسیحە ؟ کەواتە گوێگرە کە یەهودا چۆن پێرێزی بە زینا لە دایک کردووە ؟! :

(پەیدابوون) (بەشی سی و هەشت). ئایەتی جیا جیا و جیاواز.

«کاتێک بە تامار یان ڕاگەیاند: وا خەزوورت هاتووە بۆ تیمنا.. پاشان لەبەر دەروازەی عێینەیم دانیشت، کە لەسەر ڕێگای تیمنایە.. کە یەهودا تاماری بینی، وایزانی لەشفرۆشە، چونکە ڕووی خۆی داپۆشیبوو.. و پێی گوت: وەرە با سەرجێیت لەگەڵ بکەم، چونکە نەیەزانی ئەوە بوکەکەیەتی.. سەرجێی لەگەڵی کرد، ئیتر سکی پڕ بوو.. نزیکەی سێ مانگ دوای ئەوە بە یەهودا ڕاگەینرا و گوترا: تاماری بووکت لەشفرۆشی کردووە، بەهۆی ئەو لەشفرۆشییەوە سکی

[4] لە نوسخە کوردیەکەی (ئینجیل)دا، بە (پێرێز) ناوی هاتووە.

پڕ بووە.. کە هاتە سەر منداڵ بوو، دووانەیەک لە سکی بوو.. ئەمەیان ناونرا پێرێز (فارص)، لە دوای براکەی.. ئەمەشیان ناونرا زەرەح».

# داود (سڵاوی خودای لەسەر بێت)

ئایا پێغەمبەر زینا دەکات ؟ نەخێر ! هەزار جار نەخێر ! بەڵام لە دوو پەیمانەکە زیناکردن بۆ پێغەمبەر داود (سڵاوی خودای لەسەر بێت) گەڕێندراوەتەوە، ئایا پێغەمبەر شەراب بە کەس دەدات ؟ نەخێر ! ئایا پێغەمبەر کەسێک فریو دەدات بۆ ئەوەی بیکوژێت ؟ نەخێر: بەڵام لە دوو پەیمانەکە ئەمانە گەڕێندراونەتەوە بۆ داود (سڵاوی خودای لەسەر بێت) !!

(دووەم ساموئێل) (بەشی یانزدە) ئایەتی جیا جیا و جیاواز:

«دەمەو ئێوارە داود لەسەر قەرەوێڵەکەی هەستا و لەسەربانی کۆشکی پاشا پیاسەی دەکرد، لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات، ژنێکی زۆر جوان بوو. داودیش پیاوێکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە ئەویش پێی گوت: ئەمە بەتشەبەعی کچی ئەلیعامە و ژنی ئوریای حیتییە، ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد بۆ هێنانی، ژنەکەش لە خوێنلێچوونی مانگانەی پاک ببووەوە و هاتە لای داود، ئەویش لەگەڵی جووت بوو، پاشان ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، ژنەکە سکی پڕ بوو، ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و گوتی: سکم پڕە. داودیش نێردراوی بۆلای یۆئاب نارد و گوتی: ئوریای حیتیم بۆ بنێرە. یۆئابیش ئوریای بۆ لای داود نارد. وە داود بە ئوریای گوت: بگەڕێوە ماڵەکەت و قاچەکانت بشۆ.. ئینجا بە داود ڕاگەیەنرا کە ئوریا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. داودیش بە ئوریای گوت: تۆ لە ڕێوە نەهاتوویت؟ ئەی بۆچی نەگەڕایتە ماڵەوە؟ ئوریاش بە داودی گوت: سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهودا لەناو چادردا نیشتەجێن.. ئایا منیش بچمە

ماڵەکەم بخۆم و  بخۆمەوە و لەگەڵ ژنەکەمدا پاڵ بکەوم ؟! داود بانگی کرد، ئەویش لەگەڵیدا خواردی و خواردیەوە هەتا ئەوەی ئوریای سەرخۆش کرد، وە داود بۆ ئێوارە ڕۆیشت تاوەکو لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا لە جێگاکەی بنوێت و نەچێتەوە ماڵەکەی خۆی. بۆ بەیانیەکەی داود نووسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی.. دەیگوت: ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لە پشتی بکشێنەوە هەتا لێی دەدرێت و دەکوژرێت.. ئوریای حیتیش کوژرا.. کاتێک ژنەکەی ئوریا بیستی کە ئوریای مێردی کوژراوە، شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا. پاش تێپەڕبوونی ڕۆژانی پرسە، داود بە دوایدا نارد و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە، ئیتر بوو بە ژنی.. بەڵام یەزدان ئەم کارەی داودی پێ ناخۆش بوو».[5]

ئایا ئەم چیرۆکە جیاوازانەت بیست! وە کە داود زینای کردووە لەگەڵ ژنەی ئوریا، پاشان سەرخۆشی کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنەکەی بخەوێت و ئاشکرا نەبێ، وە کاتێک ئوریا وای نەکرد، فەرمانی دا کە فریو بدرێ و فێڵی لێ بکرێ تاکو دەکوژرێت، بۆیە ئەمەیان لەگەڵدا کرد هەتاکو دەکوژرێت ؟!

پاشان گوێگرە کێ نەوەی ساڵحی ئەم ئافرەتە بوو کە داود زینای لەگەڵ کرد.

(ئینجیل مەتا) (بەشی یەکەم) (ئایەتی شەشەم):

«یەسا باوکی داودی پاشا بوو، داود باوکی سلێمان بوو لەو ژنەی کە پێشتر ژنی ئوریا بوو».

(دووەم ساموئێل) (بەشی دوانزدە) ئایەتی جیا جیا و جیاواز:

---

[5] لە نوسخە کوردیەکە هەندێک ئایەت لەم دەق و بابەتە پێچەوانەیە، لە کۆپیە کوردیەکە ئوریا داودی سەرخۆش کرد، بەڵام لە عەرەبیەکە بە پێچەوانەوە، لە کوردیەکە ئوریا دوای سەرخۆش کردنەکە لەگەڵ ژنەکە جووت بوو، بەڵام لە عەرەبیەکە بە پێچەوانەوە داود لەگەڵ ژنەکەی ئوریا جوتبوو. (وەرگێڕ).

«یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێ.. ئوریای حیتیت بە شمشێر کوشت و ژنەکەی ئەوت کردە ژنی خۆت».

گوێت لە هەموو ئەمانە بوو ؟! گوێ لە سەیرتر لەمە بگرە !: دوو پەیمانەکە دەڵێت خودا سزای داودی دا چونکە دەسەڵاتی دابوویە کوڕەکانی هەتاکو زینا لەگەڵ هاوسەرەکانی (داود) بکەن !

(دووەم سامویێل) (بەشی دوانزدە) (ئایەتی یانزدە و دوانزدە):

«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەوەتا من لەناو ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا دەهێنم، لەبەر چاوت ژنەکانت دەبەم و دەیاندەمە ئەو کەسەی کە لێت نزیکە، لەژێر ڕووناکی ئەم خۆرە لەگەڵ ژنەکانت جووت دەبێت. تۆ بە نهێنی ئەو کارەت کرد، بەڵام من لە بەردەم هەموو ئیسرائیل و لەژێر ڕووناکی خۆر ئەم کارەت پێدەکەن».

(دووەم سامویێل) (بەشی شانزدە) (ئایەتی بیست و دوو):

«لە سەربان چادرێکیان بۆ ئەبشالۆم دامەزراند و لە بەرچاوی هەموو ئیسرائیل لەگەڵ کەنیزەکانی باوکی جوتبوو».

## لوط سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا پێغەمبەر لەگەڵ کچەکانیدا زینا دەکات ؟ نەخێر هەزار جار نەخێر! !

ئایا پێغەمبەر شەراب دەخواتەوە ؟ نەخێر هەزار جار نەخێر! !

بەڵام لە دوو پەیمانەکە ئەم دوو شتە گەڕێندراوەتەوە بۆ پێغەمبەر لوط سڵاوی خودای لەسەر بێت !

(پەیدابوون) (بەشی نۆزدە) (لە ئایەتی سیەم):

«ئینجا لوت و هەردوو کچەکەی زۆعەریان بەجێهێشت و لە چیا نیشتەجێبوون، چونکە ترسا لە زۆعەر دانیشێت، خۆی و هەردوو کچەکەی لە ئەشکەوت نیشتەجێ بوون. کچە گەورەکەی لوت بە بچووکەکەی گوت: باوکمان پیر بووە و هیچ پیاوێک لەم ناوەدا نیە کە لەگەڵیدا هاوسەرگیری بکەین و منداڵمان ببێت، وەک چۆن دابونەریتی هەموو زەوییە، بۆیە وەرە با شەراب دەرخواردی باوکمان بدەین و سەرجێی لەگەڵ بکەین، لە باوکمانەوە وەچە بخەینەوە. ئەو شەوە شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە گەورەکە چووە ژوورەوە و لەگەڵ باەکی ڕاکشا، ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە هەستانەوەکەی. بۆ ڕۆژی دواتر کچە گەورەکە بە بچووکەکەی گوت: دوێنی من شەو لەگەڵ باوکم سەرجێیم کرد، ئەمشەویش شەرابی دەرخوارد دەدەین، ئینجا تۆ بڕۆ ژوورەوە و سەرجێی لەگەڵ بکە، جا لە باوکی خۆمانەوە وەچە دەخەینەوە. ئەو شەوەش شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە بچووکەکە هەستا و سەرجێی لەگەڵ کرد، ئەویش نە بە سەرجێیەکەی زانی و نە بە هەستانەوەکەی. ئیتر هەردوە کچەکەی لوت سکیان لە باوکیان پڕ بوو. گەورەکەیان کوڕێکی بوو ناویان لێنا مۆئاب، ئەوە باوکی هەموو مۆئابییەکانە هەتا ئەمرۆ، هەروەها بچووکەکەشیان کوڕێکی بوو ناوی لێنا بەنعەمی، ئەویش باوکی نەوەی عەمۆنە هەتا ئەمڕۆ.

# یەعقوب سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا پێغەمبەر ماچی ئافرەتێکی بێگانە دەکا ؟ نەخێر !

ئایا پێغەمبەر زۆرانبازی لەگەڵ خودای گەورە دەکا ؟ نەخێر ! خودا جەستە نیە هەتاکو زۆرانبازی لەگەڵ یەکێک بکا.

وە ئایا پێغەمبەر کەسێک فریو دەدا و هەڵی بخڵەتێنێ ؟ نەخێر !

(پەیدابوون) (بەشی بیست و نۆ) (ئایەتی دوانزدە):

«یاقوب ڕاحێلی ماچ کرد و دەنگی بەرز کردەوە و گریا». ڕاحێل ئەوەیە کە یاقوب دوای ئەمە هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد.

(پەیدابوون) (بەشی سی و دوو) (لە ئایەتی بیست و چوار)

«ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێکیش هەتا بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵ کرد، کە بینی دەرەقەتی نایەت، لەلای سەرەوەی ئێسکی ڕانی دا و ڕانی یاقوب لە زۆرانبازیەکەدا لەجێ چوو. ئینجا فەرمووی: بەرمدە وا بەرەبەیاب دەرکەوت، بەڵام یاقوب گوتی: ئەگەر بەرەکەتدام نەکەیت بەرت نادەم. پیاوەکە لێی پرسی: ناوت چیە؟ یاقوب وەڵامی دایەوە: یاقوب. ئینجا پیاوەکە پێی فەرموو: لەمەودوا ئیتر ناوت بە یاقوب ناهێنرێت، بەڵکو بە ئیسرائیل، چونکە لەگەڵ خودا و مرۆڤدا تێکۆشایت و سەرکەوتیت. یاقوب پێی گوت: تکایە، ناوی خۆتم پێ بڵێ. بەڵام ئەو فەرمووی: بۆچی پرسیار لە ناون دەکەیت؟ ئیتر لەوێ بەرەکتداری کرد. ئیتر یاقوب ناوی لەو شوێنە نا پەنێیل[6] چونکە گوتی: ڕوو بەڕوو خودام بینی و گیانیشم دەرباز بوو».

(پەیدابوون) (بەشی بیست و حەوتەم) ئایەتی جیا جیا و جیاواز:

---

[6] واتە ڕووی خودا. (وەرگێڕ)

«کاتێک ئیسحاق پیر بوو.. عیسۆی کوڕی گەورەی خۆی بانگکرد و پێی گوت: کوڕی خۆم، ئێستاش چەکەکەت و تیردانەکەت و کەوانەکەت هەڵبگرە و بڕۆ لە دەشتودەر نێچیرێکم بۆ ڕاو بکە، ئەو خواردنەوەی حەزم لێیەتی بۆم ئامادە بکە و بیهێنە تاکو بیخۆم، بۆ ئەوەی بەر لەوەی بمرم داوای بەرەکەتت بۆ بکەم، وە ڕڤقە گوێی لێبوو کاتێک ئیسحاق قسەی لەگەڵ عیسۆ کرد.. ئینجا ڕڤقە جلوبەرگە باشەکەی عیسۆی کوڕە گەورەی هێنا.. لەبەر یاقوبی کوڕە بچووکی کرد. یاقوب هاتە لای باوکی و گوتی: باوکە. ئەویش گوتی: ئەوەتام، تۆ کێیت کوڕم؟ یاقوبیش بە باوکی گوت: من عیسۆم.. ئینجا گوتی: بیهێنە پێشم با لە ڕاوی کوڕەکەم بخۆم، بۆ ئەوەی داوای بەرەکەتت بۆ بکەم. ئیتر یاقوب هێنایە پێشی و خواردی، ئینجا شەرابی بۆ هێنا و خواردیەوە، ئیسحاقی باوکی پێی گوت: وەرە پێشەوە و ماچم بکە، کوڕی خۆم. ئەویش چووە پێشەوە و ماچی کرد، ئیتر ئیسحاق بۆنی جلەکانی کرد، داوای بەرەکەتی بۆ کرد.. پاشان ئەوەی ئیسحاق لە داواکردنی بەرەکەت بووەوە بۆ یاقوب، یاقوب لەلای ئیسحاقی باوکی چووە دەرەوە، عیسۆی برای لە ڕاوەکە هاتەوە.. وە بە باوکی گوت: داوای بەرەکەتم بۆ بکە.. ئیسحاقی باوکیشی پێی گوت: تۆ کێیت؟ ئەویش گوتی: من کوڕە نۆبەرەکەی خۆتم، عیسۆ. ئیتر ئیسحاق زۆر توند لەرزی.. و گوتی: ئاخر براکەت بە فێڵبازی هات و بەرەکەتی تۆی برد».

پێغەمبەر ماچی ئافرەت دەکا، فێڵبازە، وە پێغەمبەرێکی تر شەراب دەخوات، وە لەگەڵ خودادا زۆرانبازی دەکات، وە پێغەمبەرایەتی بەزۆر و فێڵ وەردەگرێت !!! ئایا ئەمە ڕاستە ؟! یان کتێبی (پیرۆز!) هەڵە و تەحریفکراوە ؟

ئەم کتێبی (پیرۆزە) بە تەنها جێبهێڵە ئەوەی شیاوی باسکردن نیە بۆ منداڵانی پێغەمبەرانی دەگەڕێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر وا دابنێین ڕاستیە و واقعیە، ئەوا فەشەلە کە بۆ کچەکەی یاقوب ئەو پێغەمبەری (سڵاوی خودای لەسەر بێت) کە باس دەکرا، دەڵێت:

(پەیدابوون) (بەشی سی و چوار) (ئایەتی یەکەم و دووەم):

«دینەی کچی یاقوب کە لە لێئە بوو، چووە دەرەوە بۆ ئەوەی چاوی بە کچانی ئەو ناوچەیە بکەوێت، کاتێک شەخەمی کوڕی حەمۆری حیڤی، کە میری ئەو ناوچەیە بوو، چاوی پێی کەوت، گرتی و لاقەی کرد».

# سلێمان سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا پێغەمبەر شتێک دەکا کە خودای گەورنەهی لێکردبێ و حەرامی کردبێ ؟ نەخێر !

ئایا دڵی پێغەمبەر مەیلی بۆ بتەکان هەیە ؟ نەخێر !

وە ئایا خانوو بۆ بتەکان دروست دەکا بۆ پەرستنی ؟ نەخێر !

ئایا دڵی لە خودای گەورە دوور دەکەوێتەوە ؟ نەخێر !

بەڵام لە دوو پەیمانەکە هەموو ئەمانە بۆ سلێمان سڵاوی خودای لەسەر بێت گەڕێندراوەتەوە:

(یەکەم پاشایان) (بەشی یانزدە) (ئایەتی یەکەمی):

«سلێمان پاشا سەرەڕای کچەکەی فیرعەون زۆر ژنی دیکەی بێگانەی خۆشویست.. لەو گەلانەی کە یەزدان بە نەوەی ئیسرائیلی فەرموو: ژن و ژنخوازییان لەگەڵ مەکەن، نەوەک دڵتان بۆلای خواوەندەکانیان ڕابکێشن. لەگەڵ ئەوەشدا سلێمان خۆشیویستن و دڵی پێیانەوە بەند بوو. حەوت سەد ژنی خانەدان و سێ سەد کەنیزەکی هەبوو، جا ژنەکانی دڵیان هەڵگەڕاندەوە، ئەوە بوو لە تەمەنی پیری سلێمان، ژنەکانی دڵیان بەلای خوداوەندەکانی دیکەدا ڕاکێشا، دڵی وەک داودی باوکی لەگەڵ یەزدانی پەروەردگاری خۆی تەواو نەبوو، ئیتر سلێمان دوای عەشتۆرەتی خواژنی سەیدائییەکان و دوای مۆلەخی خواوەندی قێزەونی عەمۆنییەکان کەوت. سلێمان لەبەر

چاوی یەزدان خراپەکاری کرد، پێچەوانەی داودی باوکی، بە تەواوی دوای یەزدان نەکەوت. لەو کاتەدا سلێمان لەسەر یەکێک کێوەکانی بەرانبەر ئۆرشەلیم لەلای ڕۆژهەڵاتی شارەکە نزرگەیەکی سەر بەرزایی بۆ کەمۆشی خواوەندی قێزەونی مۆئابییەکان و هەروەها بۆ مۆلەخی خوداوەندی قێزەونی عەمۆنییەکان بنیاد نا. هەمان کاریشی بۆ هەموو ژنە بێگانەکانی کرد، کە بخووریان دەسوتاند و قوربانییان سەردەبڕی بۆ خوداوەندەکانیان. یەزدان لە سلێمان تووڕە بوو، چونکە دڵی لە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل هەڵگەڕایەوە، ئەوەی دوو جار بۆی دەرکەوت. هەرچەنە فەرمانی بە سلێمان کردبوو کە دوای خودای دیکە نەکەوێت، بەڵام ئەوەی یەزدان فەرمانی پێکرد، سلێمان گوێڕایەڵی نەبوو».

## موسا سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا دەکرێ لە نێوان خودا و پێغەمبەرەکەی دوژمنایەتی هەبێ، هەتاکو بیەوێ بیکوژێ ؟ نەخێر !

بەڵام دوو پەیمانەکە دەڵێت خودا ویستویەتی موسا بکوژێ، وە بەڵام هاوسەرەکەی چیپۆرە (صفورة) ڕزگاری کردووە !!

(دەرچوون) (بەشی چوارەم) ئایەتی جیا جیا و جیاواز:

«یەزدان بە موسای فەرموو: کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ میسر، سەرنجی هەموو ئەو موعجیزانە بدە.. ئەوە بووە ڕێگا، لەو شوێنەی بۆ شەومانەوە وەستان، یەزدان تووشی هات و ویستی بیکوژێت، بەڵام چیپۆرە بەردەئەستێیەکی هەڵگرت و کوڕەکەی خەتەنە کرد و پارچە گۆشتەکەی

له پێیەکانی دا و گوتی: بێگومان تۆ زاوای خوێنی بۆ من. ئیتر یەزدان وازی لێهێنا، لەوکاتەش چیپۆرە گوتی: زاوای خوێن، لەبەر خەتەکردنەکە.

ئایا دەکرێ پێغەمبەرێک زاڵم بێت و فەرمان بە کوشتنی منداڵ و هاوشێوەکانی بکات، وە ماڵەکان بە ئاگر بسوتێنێ ؟

نەخێر !

بەڵام لە دوو پەیمانەکە ئەمە بۆ موسی سڵاوی خودای لەسەر بێت گەڕێندراوەتەوە.

(سەرژمێری) (بەشی سی و یەک) ئایەتی جیا جیا و جیاواز:

«هەروەها نەوەی ئیسرائیل ژن و منداڵی میدیانیان ڕاپێچ کرد و هەموو ئاژەڵ و مەڕ و مانگا و هەموو موڵکیانیان تاڵان کرد، هەموو ئەو شارۆچکانەش کە میدیەیەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و خێوەتگەکانیان سوتاند، لە دەستکەوت و تاڵانیەکانیش لە مرۆڤ و ئاژەڵ هەموویان برد.. موسا و ئەلعازاری کاهین و هەموو ڕابەڕانی کۆمەڵ بۆ پێشوازییان چوونە دەرەوەی ئۆردوگاکە.. وە موسا لە سەرکردەکانی سوپا تورە بوو.. موسا لێی پرسین و گوتی: ئایا هەموو ئافرەتێکتان بە زیندووی هێشتووەتەوە ؟!.. ئێستاش هەموو منداڵە نێرینەکان بکوژن لەگەڵ هەر ژنێک کە لەگەڵ نێر سەرجێی کردووە، بەڵام هەموو ئەو کچانەی لەگەڵ پیاو سەرجێیان نەکردووە بۆ خۆتان بە زیندووی بیانهێڵنەوە.. کۆی تاڵانیەکەش کە دەستکەوتی پیاوانی سوپاکە بوو.. لە مرۆڤ لەو ئافرەتانەی لەگەڵ پیاو سەرجێیان نەکردبوو سی و دوو هەزار کەس بوون».

دەتوانی پرسیار بکەی: ژمارەی ئەوانە چەند بوو کە بوون بە قوربانی لە ژنان و منداڵان ؟

ئەوان -بە دڵنیایەوە- دوو قاتی ئەوانەن کە نەکوژران !!!

وە دەبێت چەند شوکر و سوپاسگوزار بین بەو ڕەحمەتە پاک و بێگەردە، بە مانەوەی کچە پاکیزەکان و ئەو کچانەی شوویان نەکردووە، بەو پێیەی دەزانین لە کتێبی (دوو پەیمانەکە) گەڕێندراوەتەوە بۆ موسی (سڵاوی خودای لەسەر بێت)، لە چیرۆکێکی دیکەدا، کە هەموو خەڵک دەکوژێ هەتا کوشتنی کچە پاکیزەکان و ئەو کچانەی شوویان نەکردووە ؟!

(دواوتار) (بەشی دووەم) (ئایەتی سی و یەک):

«یەزدان پێی فەرمووم: بڕوانە، ئەوا دەستم پێکرد سیحۆن و خاکەکەی بدەمە دەستت، ئینجا دەستپێبکە و دەست بەسەر خاکەکەیدا بگرە. کاتێک سیحۆن و هەموو سوپاکەی لە یەهەچ بۆ جەنگ لە دژمان هاتنە دەرەوە، یەزدانی پەروەردگارمان ئەوانی دا بە دەستمان و ئێمەش لێمان دان لەگەڵ کوڕەکانی و هەموو سوپاکەی. لەو کاتەدا هەموو شارۆچکەکانیمان گرت و لە هەموو شارۆچکەیەک پیاو و ژن و منداڵمان بە تەواوی قڕ کرد، نەمانهێشت کەس دەرباز بێت، بەڵام ئاژەڵەماڵیەکانمان بۆ خۆماب تاڵان کرد».

بەڵام کتێبی (دوو پەیمانەکە) دەڵێت: بۆچی من تاوانبار دەکەن ؟ ئایا لەبەر ئەوەی من کوشتنی مرۆڤ و پیاو و ژن و منداڵم بۆ موسی (سڵاوی خودای لەسەر بێت) گەڕاندەوە ؟

ئایا نابینی چی دەگەڕێننەوە بۆ خودای گەورە: فەرمانی لەناو بردنی هەموو ڕۆحەکان و تەنانەت حەیوان و ئاڵیش ؟!

(دواوتار) (بەشی بیستەم) (لە ئایەتی سیانزدە):

«کاتێک یەزدانی پەروەردگارتان ئەوی دایە دەستتان، ئەوا بە شمشێر لە هەموو پیاوەکان بدەن، بەڵام ئافرەت و منداڵ و ئاژەڵی ماڵی و هەموو شتێکی دیکە کە لەناو شارەکەیە، هەموو تالآنیەکە دەبێتە دەستکەوتتان، ئەو دەستکەوتانەی دوژمنانتان بەکار دەهێن کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دا. ئاوا دەکەن بە هەموو ئەو شارانەی زۆر لە ئێوە دوورن، ئەوانەی لە شارەکانی ئەم گەلەی ئێرە نین، بەڵام شارەکانی ئەم گەلانەی کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتانداتێ، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵنەوە، بەڵکو بە تەواوی لەناویان ببەن، حیتی و ئەمۆری و کەنعانی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان».

ئایا پێغەمبەر بە وشکی و توڕەیی لەگەڵ خودا قسە دەکا، وە داوای لێدەکات لە پێغەمبەرایەتی بیسڕێتەوە.؟

نەخێر !

بەڵام لە دەرچوون، بەشی (٣٢)، لە ئایەتی (٣١) دەڵێت:

«موسا گەڕایەوە بۆلای یەزدان و گوتی: ئای کە ئەم گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و خواوەندی زێڕیان بۆ خۆیان دروستکرد، بەڵام ئێستا لە گوناهیان خۆشبە، ئەگەر نا، لە پەرتووکەکەی خۆت بمسڕەوە کە نوسیوتە».

# ئیشایا سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا خودا فەرمان دەکا کە پێغەمبەر بە ڕووتی و بەپێی ڕوت بڕوا لەنێوان خەڵکدا بۆ ماوەی چەند ساڵانێکی زۆر ؟

وە بۆچی.؟

بەهۆی بێبایەخ و بێقیمەتە، کە ئەوەش نمونەیەک بدات.؟

نەخێر ! هەزار جار نەخێر !

بەڵام لە ئیشایا، بەشی بیستەم، لە ئایەتی (٢) دەڵێت:

«لەو کاتەدا یەزدان لە ڕێگەی ئیشایای کوڕی ئامۆچەوە قسەی کرد، و فەرمووی: بڕۆ جلوبەرگ گوشەکە لە کەمەرت بکەرەوە و پێڵاوەکانت لە پێت دابکەنە. ئەویش بەم جۆرەی کرد و بە ڕووتی و پێ خاوسی ڕۆشت. ئینجا یەزدان فەرمووی: وەک ئەوەی ئیشایای بەندەم بۆ ماوەی سێ ساڵ بە ڕووتی و بێ خاوسی ڕۆشت، ئەمە نیشانە و پەندە لەسەر میسڕ و لەسەر کوش، پاشای ئاشوریش بۆ ڕیسوای میسڕ بەم جۆرە ڕاپێچکراوانیی میسڕ و دیلەکانی کوش، گەنج و پیر بە ڕووتی و پێ خاوسی و سمت ڕووتی دەداتە پێش خۆی. دەتۆقن و شەرمەزار دەبن لەبەر کوش کە مایەی هیوایان بوو و لەبەر میسر کە مایەی شانازیان بوو».

# یەرمیا سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا خودا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکا نیرێک[7] دروست بکا، و بیکاتە ملیەوە.؟

وە بۆچی ؟

لەبەر شتێکی بێبایەخ، وە نمونەیەکی سادە بدات...

نەخێر ! هەزار جار نەخێر !

بەڵام لە یەرمیا، بەشی بیست و حەوتەم، لە ئایەتی (١) دەڵێت:

«ئەم پەیامە لەلایەن یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات: یەزدان ئەمەی بە من فەرموو: گوریس و دار ببە و بۆ خۆت نیرێکی لێ دروست بکە و بیخە سەر ملت.. وە هەر نەتەوەیەک و شانشینێک خزمەتی نەبوخودنەسری پاشای بابل نەکات و مل نەخاتە ژێر نیری پاشای بابلەوە، بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد سزای ئەو نەتەیەوە دەدەم».

[7] (نیر) ئەو شتەیە یاخود ئەو ئامێرەیە کە دەکرێتەوە ملی (گا)وە لەکاتی کێڵانی زەویدا.(وەرگێڕ)

# حزقیێل سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا خودا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە نانێکی تێکەڵاو بە پیسی و دەرهاویشتەی مرۆڤ بخوا.؟

وە بۆچی.؟

تەنها بۆ ئەوەی نمونەیەکی زۆر سادە بدات.!

نەخێر! هەزار جار نەخێر!

بەڵام لە حزقیێل، بەشی چوارەم، لە ئایەتی (١٢) دەڵێت:

«کولێرەی جۆ دەخۆیت (واتە پێغەمبەر حزقیێل)، لەسەر ئەو پیسایەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت لەبەرچاویان دەیبرژێنیت. یەزدان فەرمووی: نەوەکانی ئیسرائیل بەم چەشنە نانی گڵاو دەخۆن لەنێو ئەو نەتەوانەی بۆ لایان دەریاندەکەم».

بەڵام پێغەمبەر (حزقیێل) ئاقڵ و ژیر بوو.. وە بۆچی نانێکی تێکەڵاو بە پیسی مرۆڤ بخوا.؟ بۆیە داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەم شتە کۆمیدیە !! وە خودا پێی ڕژاندن و شتەکەی لێ هەڵگرتەوە و گۆڕی بە ڕیخی مانگا.

لە هەمان سورەت و بەش ئایەتی (١٤) دەڵێت:

«منیش گوتم: ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست! هەرگیز خۆم گڵاو نەکردووە. لە منداڵیمەوە هەتا ئێستا نە گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو و نە گۆشتی نێچیرم نەخواردووە، هیچ گۆشتێکی گڵاو نەچووەتە دەممەوە. ئەویش پێی فەرمووم: تەمەشا بکە، ڕیخی مانگام بۆت دانا لە جیاتی پیسایی مرۆڤ، جا نانەکەتی لەسەر دروست دەکەیت».

ئایا خودا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکا کە سەر و ڕیشی بتاشێت.؟

وە بۆچی.؟

لەبەر شتێکی زۆر بێبایەخ و بێقیمەت !

وە پێغەمبەر حزقییێل هەژار بوو کاتێک تووشی ئەم فەرمانە گاڵتەجاڕانە بوویەوە:

ڕۆژێک: ڕیخی مانگای خوارد-دوای ئەوە لێی پاڕایەوە و دوعای کرد، وە جگە لەوەی فەرمانی پێکرابوو بە خواردنی دەرهاویشتە و پیسایی مرۆڤەکان-

وە ڕۆژێک: بە تاشینی سەر و ڕیشی خۆی دەشێوێنێت و خۆی دەگۆڕێ.!

دەڵێت، حزقییێل، بەشی پێنجەم، لە ئایەتی (١):

«شمشێرێکی تیژ وەک گوێزانی سەرتاش بۆ خۆت ببە و بەسەر سەر و ڕیشتدا بهێنە، تەرازووەیەک بۆ کێشان بۆ خۆت ببە مووەکە بەش بکە، کە ڕۆژانی گەمارۆکە تەواو دەبێت سێیەکی لە ناوەڕاستی شارەکە بە ئاگر بسووتێنە، سێیەکیشی ببە و لە دەوروبەری شارەکە بە شمشێر لێی بدە، سێیەکیشی بە بادا بکە».

پاشان ئەنجامی ئەم نمونە ڕوون دەکاتەوە لەبەر ئەوەی:

بیگەیەنێ و بڵێت: سێیەکی ئەهلی ئۆرشەلیم بە دەرد دەمرێت و بە قاتوقڕی لە ناوەڕاستی تۆدا لەناو دەچن، سێیەکیشت بە شمشێر لە دەوروبەرت دەکوژرێن، سێیەکیشت بە دەم هەموو بایەکدا پەرتەوازە دەکەم و بە شمشێرێکی هەڵکێشراو ڕاویان دەنێم.

کەواتە سەیری شتەکە بکە و سەیری ئەوە بکە کە شتەکەی بۆ کراوە.

ئایا خودا هاوسەری پێغەمبەرەکەی دەمرێنێ لەبەر شتێکی بێبایەخ، وە دەکرێت بە هەر لەفز و شێوەزارێک بێت ؟

بەڵێ.. پێغەمبەر حزیقال لە هەردوو پەیمانەکە تووشی بەڵا بوو، بۆیە کەسێکی گونجاو بوو. ۆ ئەوەی بەناویەوە خورافاتێکی زۆر بوترێت، وە خودا و پێغەمبەرەکانی دوورن لە شتی لەم جۆرە.

وە لە حزقییل، بەشی بیست و چوار، لە ئایەتی (١٥) دەڵێت:

«فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ئەی کوڕی مرۆڤ، من خەریکم بە لێدانی گوزرێک ئەوەی چاوت ئارەزووی دەکات (واتە هاوسەرەکەت) لێت دەستێنم، جا مەلاوێوە و مەگریێ و فرمێسک مەڕێژە، بە کپی ئاخ هەڵکێشە، مێزەر لە خۆت بپێچە، با پێڵاوەکانت لە پێتدا بن و سمێڵت دامەپۆشە و نانی ماتەم مەخۆ. بۆ بەیانی قسەم لەگەڵ گەل کرد و بۆ ئێوە ژنەکەم مرد، ڕۆژی دواتریش چۆن فەرمانم پێ کرابوو وام کرد. ئینجا گەل لێیان پرسیم: ئایا پێمان ناڵێیت، ئەمەی تۆ دەیکەیت پەیوەندی چیە بە ئێمەوە؟ منیش وەڵامم دانەوە: فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل قسە بکە و بڵێ: یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من خەریکم پیرۆزگای خۆم گڵاو دەکەم، ئەو قەڵایەی شانازی پێوە دەکەن، ئارەزووی چاوتان و خۆشی گیانتانە، کوڕ و کچەکانتان ئەوانەی بەجێتان هێشتن بە شمشێر دەکوژرێن. من چیم کرد ئێوەش بە هەمان شێوە دەکەن، سمێڵتان داناپۆشن و نانی ماتەم ناخۆن، مێزەرەکانتان بە سەرتانەوە و پێڵاوەکانتان لە پێتان دەبێت، شیوەن ناگێڕن و ناگریێن، بەڵکو بە تاوانەکانتەوە دەفەوتێن و بۆ یەکتری دەنوزێنەوە، حزقییل بۆ ئێوە دەبێتە نیشانە، هەموو ئەوەی کردی ئێوەش دەیکەن».

# هۆشەع سڵاوی خودای لەسەر بێت

وە دوای حزقییێل..

دوو پەیمانەکە تیرە خورافیاتەکەی ئاڕاستەی هۆشەع دەکا

وە با بپرسین:

ئایا خودا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکا کە ژن و منداڵی زینا بهێنێت ؟

وە بۆچی.؟

چونکە خەڵکی خاکەکە زینایان کرد، و خودایان بەجێهێشت، وە هۆشداری کردنەوەیەک بۆ بەنی ئیسرائیل بەناوی ئەو منداڵانەی لەو ژنە بوون و باس کردنی زیناکەی ؟

بەڵام لە هۆشەع، بەشی یەکەم، لە ئایەتی (٢) دەڵێت:

«سەرەتا یەزدان لە ڕێگەی هۆشەعەوە پەیامی خۆی ڕاگەیاند، ئینجا بە هۆشەعی فەرموو: بڕۆ ژنێکی سۆزانی (زیناکار) بهێنە و با منالی زۆڵت بێ، چونکە خەڵکی خاکەکە وەک ژنێکی داوێنپیس (زیناکار) ناپاکی بەرانبەر بە یەزدان کردووە. ئەویش گۆمەری کچی دیڤلایمی هێنا، سکی پڕ بوو، کوڕێکی لێ بوو، یەزدان بە هۆشەعی فەرموو: ناوی بنێ یەزرەعیل، چونکە پاش کەمێکی دیکە بنەماڵەی ییهو سزا دەدەم، لەسەر ئەو خوێنەی کە لە یەزرەعیل ڕشتیان، پاشایەتی ئیسرائیلیش لەناو دەبەم..».

وە لە هۆشەع، لە بەشی دووەم، لە ئایەتی (٢) دەڵێت- لە درێژەی چیرۆکەکە-:

«سەرزەنشتی دایکتان بکەن، سەرزەنشتی بکەن، چونکە ئەو ژنی من نییە و منیش مێردی ئەو نیم، بەدەڕەوشتی (زینا) لە ڕوخساری و ناپاکی لەنێوان مەمکەکانی داماڵێت، ئەگینا ڕووتوقووتی دەکەمەوە، وەک ئەو ڕۆژە ڕایدەگرم کە تێیدا لە دایک بووە، وەک چۆڵەوانی لێ

دەکەم، وەک خاکی وشکی لێ دەکەم، بە تینوویێتی دەیمرێنم، بەزەیم بە منداڵەکانیدا نایەتەوە، چونکە زۆڵن (منداڵی زینان)، بێگوومان دایکیان داوێنپیسی (زینا)ی کردووە و بەبێ ئابڕووی سکی پێیان پڕ بووە».

وە لە هۆشەع، لە بەشی سێهەم، لە ئایەتی (١) دەڵێت:

«یەزدان پێت فەرمووم: دیسان بڕۆ ژنەکەت خۆشبوێتەوە، هەرچەندە خاوەنی دۆستە و داوێنپیسە (زیناکارە)، وەک خۆشەویستی یەزدان بۆ بەنی ئیسرائیل، ئەوانیش ڕوویان لە خوداکانی دیکە کردووە و نانی کشمیشیان خۆشدەوێت. منیش دیسان بە پازدە شاقل زیو و بارێک و دوو قەزناخ[8] جۆ کڕیمەوە، پێم گوت: ماوەیەکی درێژ لەگەڵ من دەژیت، بێ ئەوەی داوێنپیسی (زینا) بکەیت و بۆ هیچ پیاوێک بیت، هەروەها منیش بە هەمان شێوە دەبم بۆت. ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەیەکی درێژ بەنی ئیسرائیل بەبێ پاشا و میر دەمێننەوە..»

ئەم چیرۆکە، لەگەڵ کتێبی دڵداری و خۆشەویستی ناگونجێت، جا لە کتێبی (پیرۆز) نەقل بکرێ!

وە ئەگەر پێغەمبەرێک ئاوا بێت، ئەوا دەبێ باقی خەڵکانی تر چۆن بن ؟

بەڵێ..

ئەگەر خاوەن ماڵ دەف لێبدات   ئەوا هەموو خەڵکانی ماڵەکە ڕەقس دەکەن

پاشان..

چۆن نمونەیەک دێنێتەوە وەکو ئەم نمونە ناشرینە:

---

[8] نزیکەی ٣٣٠ کیلۆگرام.(وەرگێڕ).

« دیسان بڕۆ ژنەکەت خۆشبوێتەوە، هەرچەندە خاوەنی دۆستە و داوێنپیسە (زیناکارە)، وەک خۆشەویستی یەزدان بۆ بەنی ئیسرائیل»

بۆ خودای گەورە و مەزن.

## هاڕون سڵاوی خودای لەسەر بێت

وە ئایا پێغەمبەر بت دروست دەکا، و خەڵکی بلکێنێت بە پەرستنیان.؟

نەخێر! هەزار جار نەخێر !

پاشان.. ئایا خودا پەشیمان دەبێتەوە لە پلانێک کە بەبێ ئەوەی خەڵک هەست بکەن بۆی دەگێڕان.؟

نەخێر! هەزار جار نەخێر!

خودا پەشیمان نابێتەوە..

بەڵام لە دەرچوون، بەشی سی و دوو، لە ئایەتی یەکەوە دەڵێت:

«کاتێک گەل بینی موسا دواکەوت لە هاتنە خوارەوە لەسەر کێوەکە، لەسەر هاڕون کۆ بوونەوە و پێیان گوت: وەرە چەند خواوەندێکمان بۆ دروست بکە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا نازانین چی لێهات. هاڕونیش وەڵامی دانەوە: ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژن و کوڕ و کچەکانتانە لێی بکەنەوە و بۆ منی بهێنن. جا هەموو گەل ئەو گوارەی لە گوێیان بوو لێیان کردەوە و بۆ هاڕونیان هێنا، ئەویش لە دەستیانی

وەرگرت و بە قاڵب شێوە گوێرەکەیەکی دارِشت و بە قەڵەم و چەکوش رِێکی خست، ئینجا گوتیان: ئەی ئیسرائیل، ئەمە خواوەندەکەتانە، ئەوەی ئێوەی لە خاکی میسرِ دەرهێنا. کاتێک هارِون ئەمەی بینی، قوربانگایەکی لەپێش گوێرەکەکە دروست کرد، بانگەوازی دا و گوتی: بەیانی جەژنە بۆ یەزدان. ئینجا بەیانی زوو هەستان و قوربانی سوتاندنیان سەرخست و قوربانی هاوبەشیان پێشکەش کرد..»

پاشان..

کتێبی (پیرۆز!) باسی ئەوە دەکا موناقەشە و گفتوگۆیەک لەنێوان موسا و خودا روویدا، وە موسا تورِەیی و غەزەبی خودای هەڵگیرساند (خودای تورِە کرد)، وە نیازی لەناو بردنی بەنی ئیسرائیلی هەبوو، بۆیە موسا نێوەندگیری کرد، و پێی گوت:

«جۆش و تورِەیت دابمرکێننەوە و ئەو سزایە رِەت بکەرەو ەکە بەسەر گەلەتدا دەیسەپێنیت».

هەتاکو ئەوەی دەڵێت، لە هەمان بەش، ئایەتی (١٤):

«ئینجا یەزدان پاشگەز بووەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەە بکات».

# ئەولاد و وەچەی زینا

ئایا دەکرێت پێغەمبەر منداڵ و وەچەی زینا بێت.؟

نەخێر ! بێگوومان زینا شورەیی و عەیبەییە بۆ کەسەکە خۆی، کە هۆکارێکە بۆ قبوڵ نەکردنی وتەکانی، و بێزاربوونی خەڵک لێی.

جگە لەوەی (دوو پەیمانەکە) بە ڕوونی و سەریحی ئەمە دەخەنە ڕوو.

لە دواوتار، بەشی بیست و سێ، ئایەتی دوو:

«نابێت زۆڵ (منداڵ زینا) بێتە ناو کۆمەڵەی یەزدانەوە، هەتا نەوەی دەیەم کەس نەیەتە ناو کۆمەڵی یەزدان».

کەواتە: پێغەمبەر ناکرێ وەچە و منداڵی زینا بێت.

بەڵام لە کتێبی (پیرۆز !) ئەمە گەڕێندراوەتەوە بۆ پێغەمبەران.

١ - لە ڕابەران، بەشی یانزدە، لە ئایەتی (١) دەڵێت:

«یەفتاحی گلعادی جەنگاوەرێکی بەهێز بوو، کوڕی لەشفرۆشێک (زیباکارێک) بوو».

پاشان دەڵێت ڕابەران، بەشی یانزدە، ئایەتی (٢٩):

«جا ڕۆحی یەزدان هاتە سەر یەفتاح) بە واتایی ئەوەی پێغەمبەر بووە..»

٢ - وە لە دووەم ساموئێل، بەشی دوانزدە،ئایەتی (٢٤) دەڵێت:

«ئینجا داود دڵنەوایی بەتشەبەعی ژنی دایەوە، چووە ژوورەوە بۆ لای و لەگەڵی جووت بوو، منداڵێکی لێ بوو ناوی لێنا سلێمان، یەزدانیش خۆشیویست».

وە سلێمان بەپێی دەقی ئەم (سفرە)[9] پێغەمبەرە، کوڕی بەتشەبەع.

وە لە دووەم ساموئێل، بەشی یانزدە، لە ئایەتی دووەم، دەڵێت:

« دەمەو ئێوارە داود لەسەر قەرەوێڵەکەی هەستا و لەسەربانی کۆشکی پاشا پیاسەی دەکرد، لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات، ژنێکی زۆر جوان بوو. داودیش پیاوێکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە ئەویش پێی گوت: ئەمە بەتشەبەعی کچی ئەلیعامە و ژنی ئوریای حیتییە، ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد بۆ هێنانی، ژنەکەش لە خوێنلێچوونی مانگانەی پاک ببووەوە و هاتە لای داود، ئەویش لەگەڵی جووت بوو، پاشان ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، ژنەکە سکی پڕ بوو، ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و گوتی: سکم پڕە..»

٣ - پەیدابوون، بەشی سی و هەشت، لە ئایەتی (٦)

باسی ئەوە دەکا کە یەهودای کوڕی یەعقوب، زینای لەگەڵ بوکەکەی (تامار) کردووە[10]، بۆیە لەوەوە پێرێز (فارص) و (زەرەح) لە دایک بوون بە زینا.. وە دەڵێت: « کە یەهودا تاماری بینی، وایزانی لەشفرۆشە، چونکە ڕووی خۆی داپۆشیبوو، و پێی گوت: وەرە با سەرجێیت لەگەڵ بکەم، چونکە نەیەزانی ئەوە بوکەکەیەتی.. سەرجێی لەگەڵی کرد، ئیتر سکی پڕ بوو.. کە

[9] مەبەست پێی سوڕەتەکەیە کە لە عەرەبی دا پێی دەوترێ (سفر)، بۆ نمونە (سفر صموئیل الثاني).(وەرگێڕ)
[10] واتە بووکی خودی یەهودا خۆی.(وەرگێڕ)

هاتە سەر منداڵ بوو، دووانەیەک لە سکی بوو.. ئەمەیان ناونرا پێرێز (فارص)،.. ئەمەشیان ناونرا زەرەح».

وە ئەم پێرێز (فارص)ە باپیری (داود)ە، بەپێی ئەوەی (دوو پەیمانەکە) باسی دەکا.

وە لە (یەکەم پوختەی مێژوو) (بەشی دووەم) لە ئایەتی پێنجەمەوە بۆ ئایەتی پانزدە، پوختەکەی:

«داود، کوڕی یەسا، کوڕی عوبێد، کوڕی بۆعەز، کوڕی سەلمۆ، کوڕی نەحشۆن، کوڕی عەمیناداب، کوڕی داب، کوڕی ڕام، کوڕی حەسرۆن، کوڕی پێرێز (فارص)».

# نوح سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا پێغەمبەر شەراب دەخواتەوە، هەتاکو زۆر سەرخۆش دەبێ، و ڕووت دەبێتەوە.؟

نەخێر!

بەڵام لە (دوو پەیمانەکە) ئەمە بۆ نوحی پێغەمبەر (سڵاوی خودای لەسەر بێت) گەڕێندراوەتەوە.

لە پەیدابوون، بەشی نۆیەم، لە ئایەتی (٢٠) دەڵێت:

«نوح دەستی بە ئیشی جوتیاری کرد و ڕەزە مێویکی چاند. ئینجا کە لە شەرابی مێزەکەی خواردەوە، سەرخۆش بوو و لەناو چادرەکەیدا بە ڕووتی ڕاکشا، حامی باوکی کەنعان، باوکی بە ڕووتی بینی لە دەرەوە بە هەردوو براکەی ڕاگەیاند».

# پێغەمبەرێکی پیر

ئایا پێغەمبەر درۆ دەکا.؟

نەخێر!

بەڵام لە یەکەم پاشایان، بەشی سیانزدە، لە ئایەتی (١١) دەڵێت:

«پێغەمبەرێکی پیر بوو هەبو ولە بێتل ئێل دەژیا.. لە دوای پیاوەکەی خودا ڕۆیشت و و دۆزییەوە لەژێر دارێکدا بە ڕوویێکدا دانیشتبوو، ئایا تۆ پیاوەکەی خودایت، ئەوەی لە یەهوداوە هاتووە؟ ئەویش گوتی: بەڵێ ئەوم. پێی گوت: لەگەڵم وەرەماڵەوە و نان بخۆ، پیاوەکەی خوداش گوتی: ناتوانم لەگەڵت بگەڕێمەوە و لەگەڵت نایەمە ژوورەوە، لەم شوێنە لەگەڵت نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە، چونکە بە فەرمایشتی یەزدان پێم گوتراوە: لەوێدا نان مەخۆ و ئاو مەخۆوە و بەو ڕێگادا مەگەڕێوە کە پێیدا ڕۆیشتی. ئەویش پێی گوت: هەروەها منیش وەک تۆ پێغەمبەرم و فریشتەیەک بە فەرمایشتی یەزدان قسەی لەگەڵ کردم و فەرمووی: لەگەڵ خۆتدا بیبە ماڵەکەت هەتا نان بخوات و ئاو بخواتەوە. بەمە درۆی لەگەڵ کرد، پیاوەکەی خوداش لەگەڵی گەڕایەوە و و لە ماڵەکەی نانی خوارد و ئاوی خواردەوە».

# پێغەمبەر ئەلیشەع

ئایا پێغەمبەر شتێک دەڵێت وە پێچەوانەکەی بزانێت، درۆ بێت.؟

نەخێر !

بەڵام (دوو پەیمانەکە) ئەمەیان بۆ پێغەمبەر ئەلیشەع گەڕاندۆتەوە

لە دووەم پاشایان، ئایەتی (١٠) دەڵێت:

«ئەلیشەع هاتە دیمەشق و بەن هەدەدی پاشای ئارامیش نەخۆش بوو، کاتێک پێی ڕاگەیەنرا: پیاوەکەی خودا هاتۆتە ئێرە. پاشا بە حەزائێلی گوت: دیارییەک لەگەڵ دەستت ببە و بەرەو پیری پیاوەکەی خودا بڕۆ، لەڕێگەی ئەوەوە پرسیار لە یەزدان بکە، بزانە ئایا لەم نەخۆشییە چاک دەبمەوە؟ حەزائێلیش لەگەڵ خۆی باری چل وشتری لە هەموو بەربوومە باشەکانی دیمەشق بە دیاری برد و چووە پێشوازی ئەلیشەع و لە بەردەمی وەستا و گوتی: کوڕەکەت، بەن هەدەدەی پاشای ئارام، منی بۆلای تۆ ناردووە و دەڵێت: ئایا لەم نەخۆشییەم چاک دەبمەوە؟ ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: بڕۆ و پێی بڵێ: بە دڵنیایەوە چاک دەبیتەوە، بەڵام یەزدان پیشانی داوم کە دەمرێت!!

..گەڕایەوە لای گەورەکەی بەن هەدەد لێی پرسی: ئەلیشەع چی پێ گوتی.؟ حەزائێل وەڵامی دایەوە: پێی گوتم، بە دڵنیایەوە تۆ دەژیت[11]بەڵام ڕۆژی پاشتر، جاجمەکەی برد و لە ئاوی هەڵکێشا و دای بەسەر دەموچاوی پاشادا و هەناسەی لێ بڕی، هەر بۆیە پاشا مرد. ئیتر حەزائێل لەجێی ئەو بوو بە پاشا.

---

[11] لە نوسخە کوردیەکە دەڵێت: ( بەدڵنیایەوە چاک دەبیتەوە)، بەڵام لە عەرەبیەکە دەڵێت (دەژیت).(وەرگێڕ)

# ئیبراهیم سڵاوی خودای لەسەر بێت

ئایا پێغەمبەر گومانی لە ڕاستگۆی و ڕاستی قسەی خودا هەیە، هەتا ئەو ڕادەیەی داوای بەڵگە لە خودا بکا بۆ ڕاستگۆیەکەی.؟

نەخێر!

بەڵام دوو پەیمانەکە، ئەمە دەگەڕێنەوە بۆ ئیبراهیم سڵاوی خودای لەسەر بێت

لە پەیدابوون، بەشی پانزدەهەم، لە ئایەتی (١) پاشان (٧) دەڵێت:

«لەدوای ئەم ڕووداوانە، فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەبرام هات.. یەزدان پێی فەرموو: من یەزدانم، ئەوەی لە ئووری کلدانیەکانەوە تۆی هێنایە دەرەوە، تاکو ئەم زەویەت بە میرات پێ ببخەشێت. بەڵام ئەبرام گوتی: ئەی یەزدانی باڵادەست، چۆن بزانم من دەبمە میراتگری ئەم زەوییە؟ گوێرەکەی مێینەی سێ ساڵە و بزنێکی سێ ساڵە و بەرانێکی سێ ساڵە قومرییەک و کۆترێکم بۆ بهێنە. هەموو ئەمانەی بۆ هێنا و لە ناوەڕاستەوە لەتی کردن، لەتی هەریەکەشیانی بەرانبەر ئەوی دیکە دانا، بەڵام باڵندەکانی لەت نەکرد، ئینجا سیسارکە کەچەڵەکان بۆ سەر کەلاکەکان هاتنە خوارەوە، بەڵام ئەبرام دووری خستنەوە».

پاشان.. چی.؟ وە پەیوەندی نێوان ئەمە و ئەمە چیە.؟

بەڵێ.. (دوو پەیمانەکە) چیرۆکەکە دەگوازنەوە بەم شێوە ناتەواو ناقصە، وە بەبێ هیچ پەیوەندیەک.

# دەربارەی دوو پەیمانەکە

ئەمە پوختەیەک بوو دەربارەی (دوو پەیمانەکە)

کات ڕێگەی پێ نەدام کە لەمە زیاتر بکەم.. هەگینا لە دوو پەیمانەکە شتی زۆر زۆر وەک ئەم شتە سەیرانە هەیە، کە بە کتێبی پەنجایی تەواو نابێت.

وە هەرکەسێک وردەکاریەکانی دەوێ، با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی:

(الرحلة المدرسية) و (الهدى الى دين المصطفى)

(وانيس الاعلام) و (خلاصة الكلام) و جگە ئەمانە.. ئەوانی دیکە-وە ئەگەر دەتەوێت کورت و پوخت بێت، بگەڕێوە کتێبی:

(الميزان العادل،بين الحق والباطل) و (نفحات الاعجاز) (والتوحيد والتثليث) وە جگە ئەمانە.. و ئەوانی دیکە..

وە شایەنی باسە دەقەکانی ئەو ئایەتانەی نەقڵمان کردن لە خودی دوو پەیمانەکەیە، کە لەسەر پشتی یەکەمی کتێبەکە نوسراوە، بەم عیبارەت و گوزارشتە: (الكتاب المقدس- اي كتب العهد القديم، والعهد الجديد-وقد ترجم من اللغات الاصلية، وهي اللغة العبرانية، واللغة الكلدانية،واللغة اليونانية-انتشر عن يد جميعة التوراة البريطانية والاجنبية) وە لەسەر پشتی بەرگی دووەم نەسراوە ئەم عیبارەتە: (كتاب العهد الجديد لربنا ومخلصنا يسوع المسيح-وقد ترجم من اللغة اليونانية-طبع في كمبودج سنة (١٩٢١) بنفقة جميع التوراة البريطانية والاجنبية)

(سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين، والحمدلله رب العالمين)

وه درودی خودا لەسەر محمد و بنەماڵە پێگەردەکەی بێت.

*کەربەلای پیرۆز* *محمد کوڕی مەهدی الحسيني الشيرازي*

*کوردستان-باشوور* *عەلی کوردی*

# پێڕست

(پێشەکی) ........................................ 3

لەم کتێبەدا: .......... 9
١- دەربارەی خودا .......... 10
٢ - دەربارەی پێغەمبەران .......... 21
عیسای مەسیح سڵاوی خودای لەسەر بێت: .......... 22
ئایا عیسا (سڵاوی خودای لەسەر بێت) شەراب دروست دەکات.؟ .......... 22
ئایا مەسیح کوڕێکی لە باوەشی خۆی داناوە.؟.......... 25
ئایا دەکرێ مەسیح مەلعون (نەفرەت لێکراو) بێت.؟ .......... 26
ئایا دەکرێ مەسیح خودای باپیری بێ.؟ .......... 26
ئایا مەسیح وەچەی زینایە.؟.......... 28
داود (سڵاوی خودای لەسەر بێت).......... 29
لوط سڵاوی خودای لەسەر بێت.......... 31
یەعقوب سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 33
سلێمان سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 35
موسا سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 36
ئێشایا سڵاوی خودای لەسەر بێت.......... 40
یەرمیا سڵاوی خودای لەسەر بێت.......... 41
حزقیێل سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 42
هۆشەع سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 45
هارون سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 47
ئەولاد و وەچەی زینا .......... 49
نوح سڵاوی خودای لەسەر بێت .......... 51
پێغەمبەرێکی پیر .......... 52
پێغەمبەر ئەلیشەع .......... 53
ئیبراهیم سڵاوی خودای لەسەر بێت.......... 54
دەربارەی دوو پەیمانەکە .......... 55